## پەیام بۆ خەلکی کوردستان سەبارەت بە هەلبژاردنەکانی کوردستان و عیراق!

## خەلکی ئازادیخوازی کوردستان !

هەلبژاردنەکانی کوردستان وعیراق جگە لە سیناریۆیەکی تری گالتەجارانە و هەلدانەوەی لاپەرەیەکی تری تاوانکارانە بەحەقی ئیوەهیچی تر نییە! خەلکی کوردستان بە تەحریمکردنی دەستەجەمعی هەلبژاردن دەتوانن ئەم سیناریۆ گالتەجارانەیە ناکام بکەنەوە.

خەلکی عیراق کە 35 سال لە ژیر دەسەلاتی یەکێك لە درندانەترین حکومەتەکانی سەردەمدا ژیانیان بەسەربرد و بەتاسەوە چاویان بریبووە ئاسۆیەك بۆ رزگار بوون .جەنگی ئەمەریکا و ئاکامەکانی ئەم جەنگە خەلکی عیراق و کوردستانی بردە یەکێك لە سەخترین و رەشترین دەورانەکانی ژیانیانەوە. ئەمرۆ زیاتر لە سال ونیویك بەسەر ئەم جەنگەدا تێپەردەبێ. ویرانکردنی تەواوی بنەما مەدەنیەکانی کۆمەلگای عیراق و هەلوەشاندنەوەی شیرازەی کۆمەلگا، گیان لەدەست دانی زیاتر لە 100 هەزار ئینسانی مەدەنی تا ئێستا و چوونەسەری هەموو رۆژەی ئەم رێژەیە! , تەقینەوە و تیرۆر و رفاندنی ئینسان ولەت وپەت کردنی, کوشتن و ئیغتسابی ژنان ورفاندنی کیژۆلەی هەشت نۆ سالە , هاتوچۆی باندی ماقیایی وتیرۆرستی ئیسلامی وقەومی، بێ ئاوی و بێ کارەبایی وبێکاری و نەبوونی دکتۆرو دەرمان , تەنینی زەوی و کۆلان وئاسمان بەسەربازو تانك وزرێپۆش وفرۆکە جەنگیەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و ....... هەموو ئەمانە و چەندین کارەساتی تر سیناریۆی رەش و ئەسەفباری یەك سال ونیوی رابردووی ژیانی خەلك بووە.

لەم هەلومەرجە مەترسیدارەدا کە کۆمەلگای عیراقیان راپیچکردە ناوی , دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریکا کۆمەلیك هیزوباندی کۆنەپەرست, کە تا دۆینی لە حاشیەی کۆمەلگادا بوون وخاوەنی مەلەفی رەشن بەحەقی خەلکی عیراق وکوردستان, وەك دەسەلاتی کاتی عیراق رایگەیاند و دەستوریکی کاتی دایە دەستیان, کە تیایدا ناسنامەی قەومی ودینی وعەشیرەتی وتایەفەگەری کردە گەردنی خەلکی عیراق ولەبەرامبەر یەکتردا رایگرتن. ئیستاش هەر لەدریژەدانی ئەم سیاسەتە دژە ئینسانیەدا ولەژیر ناوی هەلبژاردندا دەیەویت پەنجەمۆر و شەرعیەتیان لە خەلك بۆ وەربگرێ و بیانکاتە دەسەلاتی هەمیشەیی بەسەر خەلکەوەو وەك دەسەلاتی هەلبژیردراوی خەلك بە خەلکی عیراق و دنیا بیانناسێنێ. ئەمە سیناریۆیەکی مەسخەرە ئامیز و گالتەجارانەیە. ئەوەی کە قەرارە دەسەلات دیاری بکات و ئەحزاب و کەسایەتیەکانی دەسەلات دیاری بکات خەلکی عیراق نین، ئەوان ئەم کارەیان پیش وەخت و بەر لە هەلبژاردن ئەنجام داوە، دەسەلات وکورسیەکان بۆ هێزە قەومی و ئیسلامی ودینیەکانی پەنا دەستی ئەمەریکا دیاریکراوە، ئیتر هەلبژاردنێك لەئارادا نی یە. خەلکیك کە ئیرادەی بەسەر ئەوەدا نەبیت ئیوارە دەگەریتەوە نیو مالەکەی خۆی یان نا، بەبێ ئیرادەی خۆی مالەکەی بکەنە نیشانەی موشەك وسەیارەی بەمین چێنراو، خەلکیك کە دلنیا نەبیت لەوەی کە ئەمرۆ مندالەکەی لە قوتابخانەوە بەسەلامەتی دەگاتەوە مالەوە یان نا، خەلکیك کە هیچ جۆرە ئەمنیەت و سەلامەتیەك بۆ ژیانی نەمابیتەوە ,خەلێك کە نەتوانن بۆ هەر مەبەستێك لە جێگایەکی دیاریکراودا کۆببنەوە! ,لەهەلومەرجیکدا کە هیچ ئیمکاناتێك بۆ خۆنمایشکردنی سیاسی وکۆمەلایەتی خەلك وهێزە سیاسیەکان وبەرنامەکانیان فەراهەم نەکرابێت!. سیناریۆی هەڵبژاردن کە جەنابی جۆرج بوش تەئکید لەبەرێوەچوونی لە کاتی خۆیدا دەکاتەوە , جگە لە مەسخەرەی مێژوو ناتوانێت شتێکی تر بێت . نابێ رێگا بدرێ 35 سالْ قووربانی مشتێك شەقاوەی بەعسی دۆستی دوێنێی ئەمریکا بن و 35سالْی تریش چارەنووسی ژیانیان بدرێتە دەستی مشتێك مەلا وکۆنەپەرستی قەومی دۆستی ئەمرۆی!!. گێرانی سیناریۆی هەڵبژاردن مەیدانێکی تری جەنگی ئەمریکایە لەعێراق وناوچەکەدا و هەوڵێکی فریوکارانەیە بۆ سەرکەوتنێکی سیاسی لە دوای جەنگێکی سەربازی ودەبێ ناکام بکرێتەوە.

بۆیە بە تەواوی تواناوە ولەئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتی وملیۆنیدا دەبێ خەڵکی مل بەم سیناریۆیە نەدەن ومەحکوم وتەحریمی بکەن. ئەم ئیرادە نواندنە ئەگەر بێتەمەیدان, دەتوانێ سەرەتای شکلگرتنی بزووتنەوەیەکی عەزیمی جەماوەری بێت, بۆ کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی وگێرانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەلگای عێراق ودەسکۆتاکردنی دەستەو تاقمی ئیسلامی کە لەسەرمانەوەی تا ئێستای هێزەکانی ئەمریکاو درێژەکێشانی ئەم سیناریۆ رەشە لە عێراقدا نان دەخۆن .

## خەڵکی دڵ پڕ لەهیوای کوردستان !

لەماوەی دە دوانزە ساڵی رابردوودا فرسەتی زۆر هاتە پێشەوە کە بواری دەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لە راپرسیەکی ئازاد وجەماوەریدا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن, بەلاّم بەداخەوە ئەم فرسەتانە بەهەرهۆیەکەوە بووبێت لەدەست چوون .لەکاتێکدا خواستی سەربەخۆیی کوردستان, خواستێکی ملیۆنی خەڵکەکەی بووەو هەیە.

پێ دەچێ ئەم جارە دووایین فرسەت بێت. ئەگەر لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعس حکومەتێکی سکۆلاری غەیرە قەومی وغەیرە دینی جێگای بگرتایە وتەواوی هاوولاّتیانی عێراقی وەك هاوولاّتی یەکسان وبەرامبەر پێناسە بکردایە, ئەوا ئەمرۆ کیشەیەك بۆ خەڵکی کوردستان لەئارادا

نەدەبوو. بەڵام بەداخەوە کە ئێستا نەك هەر وانیە, بەڵکو کۆمەڵگای عێراق وخەڵکەکەی تووشی گەورەترین تراژیدیای ئینسانی هاتوون. لەمەش واوەتر کۆمەڵێك دەستوو پێوەندی ئەمریکا بەسەر ئیرادەی خەڵکدا سەپێنراون, کە بە رەش لەسەر سپی نووسیویانەو عێراقیان بەسەر دینەکان وقەومەکان وتایەفەکان وعەشیرەتەکاندا دابەش کردووە!.

لەم حکومەتەدا خەڵکی کوردستان دووبارە هاووڵاتی پلە دووەو چەوسانەوەی قەومی لەسەر خەڵکی کورد بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. ئەوەی کە یەکێتی وپارتی چەند پۆستی وەزارەت وەردەگرن وچەند کورسیان دەبێت لە پەرلەمانە کارتۆنیەکەی سبەینێی عێراقدا , بەئەندازەی تاڵە دەزوویەك لەم چارەسەرەوە نزیك نیەو بەڵکو لەبەرامبەریدایە. رێژەی کورد لەپۆستە باڵاکانی حکومەتی قەومی بەعسیشدا کەم نەبوو. غازی عەجیل یاوەر کە هێشتا لەکارتۆنێك زیاتر شتێکی تر نیە, یەکەمین پەیامی بۆ سەرەتایی ترین مافی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگاکەیاندا, هەرەشە بوو !.

## خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان !

زیاتر لە سێ یەکی خەڵکی کوردستان کە لاوانی 16_ 20-ساڵەن, دەسەڵاتی رژێمی بەعسیان لەسەر ژیانی خۆیان نەدیوە. چەوسانەوەی قەومی وپلەدوویی وئەنفال وکیمیابارانیان تەنیا لە زمانی دایك وباوکیانەوە بیستووە. بەچ پێوانەیەك ئەم خەڵکە بەزۆرو لەسەروو ئیرادەی ئەوانەوە دەبرێنەوە بۆ نێو هاووڵاتی پلە دوو وچەوسانەوەی قەومی. ئەگەر دایکان وباوکانیان فریوی ئەم سیناریۆ گاڵتەجارانەیە کە شەوو رۆژ سەرکردایەتی یەکێتی وپارتی جاری بۆ دەدەن بخۆن ,خەتایەکی گەورە بەهەقی خۆیان ومنداڵەکانیان دەکەن. بۆیە دەبێ باوکان ودایکان ولاوان بە هوشیاریەوە ئاگایان لەم گەمەیە بێت کە لەسەر چارەنووسی ئێستاو سبەینێیەکی دوورو درێژی ژیانی ئەوان بەرێخراوە ومەحکومی بکەن. ئەمرۆ دەیەیەی هەشتاکان وتەنانەت سەرەتای نەوەدەکانیش نیە. هەر رووداوێکی سیاسی لەعیراقدا بە خێرایی ئاستێکی نێو دەوڵەتی بە خۆیەوە دەگرێ.

بەو هۆیەوە کە کوردستان تا ئێستا لە چاو ناوچەکانی تری عێراقدا تارادەیەك ئارامترەو ئەمنیەتی باشترە , ئەمریکاو دەستو پێوەندەکانی لەعێراقدا لەسەر رێژەی بەشداریکردنی خەڵکی کوردستان مایەی زۆریان داناوە. بۆیە تەحریمکردنی بەکۆمەڵی سیناریۆی هەڵبژاردن لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ,دەتوانێ گەورەترین و بەرچاوترین وکاریگەرترین نمایشی سیاسی ئەمرۆی عێراق بێت وبەخێرایی ئاستێکی نێو دەوڵەتی بەخۆیەوە بگرێ.

بۆیە باشترین وەڵامی سیاسی لەلایەن خەلکەوە بە سیناریۆی گالتەجارانەی ئینتخابات تەحریمکردن وملی نەدانە بەو کارەساتەی کە ئەم دەستەو تاقم وئەحزابانە دەیانەویت بەسەر خەلکی عیراق و کوردستاندا فەرزی بکەن. مەسەلەی دووەم ئەوەیە کە خەلکی کوردستان نمایشی سیاسی کۆمەلایەتی خۆیان نیشان بدەن بە بەرزکردنەوەی دەنگیان بۆ ئەنجامدانی راپرسیەکی جەماوەری ئازاد لەژێر چاودێری ئۆرگانە نێو دەوڵەتیەکاندا , کە دەیانەوێ لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە یان جیاببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێك بێنن. چوونی خەڵکی کوردستان بۆ نێو سیناریۆی هەڵبژاردن, راستەوخۆ وەرگرتنەوەی ئەم مافەیە لەخەڵکی کوردستان.

ئەمە مەسئولیەتێکی مێژووییە لەسەر شانی هەموو ئینسانێکی ئومێدەوار بە ئایندەیەکی باشتر, ئەمە وەزیفەی هەموومانە.

**بژی ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا**

**تاهر حسن**

2004/12/22